# بەش..... شێوەکاری

# کۆلێژ..... هونەرە جوانەکان

# زانکۆ .... سەلاحەدین

# بابەت ..... تویکاری ئاژەڵ -هێڵکاری

# پەرتووکی کۆرس – (٢)

# ناوی مامۆستا ... م.ی محمد ساڵح رۆستەم زادە ( نامۆ)

# ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣- ٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | Animal Anatomy 2 |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | Mohammad S.Rostamzadeh |
| 3. بەش/ کۆلێژ | Plastic Art – Ftne Art |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:namoart2004@gmail.com<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپەی ئارەزوو):07504313723<br>Mohammad.rostamzadeh@su,edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری : ٢<br>پراکتیک: ٤ |
| 6. ژمارەی کارکردن | ١٢ کاتژمێر بۆ ٢ گرووپی A, B لە ٢ رۆژی جیاوازدا – ژمارەی قوتابیان ٢٤ قوتابییە ٢ کاتژمێر لە نیسابی یاسایی خۆ زیاترە. |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ دامەزرام و دەستم کرد بە وانە وتنەوە، وانەی دارشتن ، رەنگ٣ ، ساڵی ٢٠٠٧ پلەی زانستی مامۆستای یاریدەدەرم وەرگرت، ساڵی ٢٠٠٨ پێموابێ دارشتنی ٣ و رەنگی ٣ . ساڵەکانی دواتر پتر وانە پراکتیکەکانم گوتوتەوە ، جگە لە دوو ساڵ نەبێ هەتا ئێستا وانەی ستدیۆ دەڵێمەوە، ئەوەش لە بەر حەزی خۆم و ویستی فێرخوازان بووە، هەڵبەت فیدباکی فێرخوازان لە سەرم هی ساڵانی پێشوو ئەو راستییە دەردەخات. پێوستە ئاماژە بە وەش بکەم وانە پراکتیکیەکان لە بوواری ئیش وکاری هونەریدا زۆر قورسترو گرانترە تا وانەی تیۆری ، لە بەر ئەوەی مامۆستای پراکتیکی دەبێ پسپۆری و شارەزایی تەواوی هەبێت تا قەناعەت بە فێرخوازانی بێنێت.هەروەها چەندین سالیش وانەی توێکاریم وتۆتەوە، ئەمسالیش لە سەر داوای سەرۆکی بەش و قوتابیان ئەو ئەرکەم وەرگرت. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | Anatomy – Animal – The kinds of Horse – Skeleton – Muscle – Moving body – body parts -... |

10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

لێرە مامۆستای وانەبێژ باس لە کۆرسەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی کە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگرتەوە:

- گرینگی ئەم کورسە لەوەدایە کە فێرخواز ئاژەڵێکی زۆر ناوازە بە ناوی ئەسپ کە بە درێژایی مێژوو هاورێی مرۆڤ بووە ناسیاوی پەیدا دەکات جگە لە ئەسپ دەگەڵ سەگ و باڵندە و پەلەوەریش خوێندنەوەی دەبێت .

بە سود وەرگرتن لە داتاشۆ، سەیری بەش بە بەشی ئێسک بەند و ماسولکەکان دەکەین ، پاشان داوا لە قوتابیان دەکەم راهێنان لە سەر ئەو بەشانە بکەن وا هەفتانە دەیخوێنین .

- گرینگی دان بە جۆراوجۆری ئەو ئاژەڵانە ،ئەسپی کوردی ، ئەسپی عەرەبی ، ئەورووپی و...تاد.

- گرینگی دان بە فۆرم و جوڵەی ئەسپ .
- خوێندنەوە لە سەر توێکاری سەگ .
- جۆرەکانی سەگ و فۆرم و جوڵەی ئەوان .
- خوێندنەوە لە سەر پەلەوەر بە گشتی .

ئەمە لە ٢٠٠ وشە کەمتر نەبێت

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**قوتابی لەم قۆناغەدا جگە لە ناسینی فۆرمی مرۆڤ کە لە توێکاری ١ دا خوێندویەتی ، دەگەڵ فۆرمی ئاژەڵانیش ناسیاوی پەیدا دەکات ، ئەو ئاژەڵانەی کە دەستەمۆ کراون و بە درێژایی مێژوو دەگەڵ رەوتی ژیانی مرۆڤ بوون و خزمەتی ئەویان کردووە لە نێو بەرهەمە هونەریەکانیشدا رەنگی داوەتەوە ، چ پەیکەرتاشی چ لەوح و تابلۆ یان ژانرەکانیتر . ئەو ئاژەڵانە بە پلەی یەکەم ئەسپە ( ئەسپ لە کۆچکردنی مرۆڤ لە شوێنێک بۆ شوێنێکیتر و بە تایبەت بۆ شوێنە دوورەکان هەروەها لە جەنگەکانا لە هەڵگرتنی بار و گواستنەوەدا زۆر دەوری بووە)، لە پلەی دووهەمدا سەگ ( سەگ ئاژەڵێکە لە بۆ پاراستن مەر و ماڵات وپەلەوەر وبەرەنگار بوونەوەی ئاژەڵانی دڕندە و هەروەها لە شەرو جەنگەکانیشا یارمەتی مرۆڤی داوە) .و لەپلەی سێهەمیدا پەلەوەر و باڵندە و بازیش چ بۆ خواردن و ڕاو و جوانی سودی لێ وەرگیراوە .**

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

بەر لەوەی دەست بکەین بە وانەکەمان لە کاتی خۆیدا ، پاشی سڵاو و بە خێر هاتنیان و ئامادەبوونیان لە سەر کلاس، لیستی ئامادەبوون و نەبوونی فێرخوازان دەنووسم و پاشان ئەرکەکانیان پێ دەڵێمەوە و داوای واجیبەکانیان لێدەکەم و ڕێنوێنی پێویستیان ئەدەمێ و نمرەیان بۆ دادەنێم،( ئەوە نزیک بە ٤٥ خولەکی دەوێت). ئەوجا فێرخوازان خۆ ئامادە دەکەن بۆ ئەنجامی وانەی نێو پۆل و لە بەر ئەوەی هەفتەی پێشتر ڕێنماییم کردوون و کورس بوکەکەیان لە بەر دەست بووە ، دەزانن چ بکەن . ئەگەر مۆدێل بێت ئەوە مۆدێل لە شوێنی دیاریکراو دادەنیشێت و فێرخوازان لە سەر ئەو ڕێبازەی داوایان لێکراوە کار دەکەن، ئەگەریش توێکاری ئاژەڵ بێت بێ گومان ناچارین سوود لە داتاشۆ وەرگرین ئەویش قۆناغ بە قۆناغ لە ئێسک بەند ئەندامەکان دەست پێدەکەین پاشان لە سەر ماسوولکەکان و دەگەڵ ئەوە ، تێهەڵکێشی وانەکە لە بەشی تیۆریدایە پێناسەی ئاژەڵەکەیە کە وەک باس کرا ئەسپە لە پێشدا پاشان سەگ و دواتریش پەلەوەر ماوەی ٣٠ خولەک دەخایەنێت. پاشی پشوودان قوتابیەکان ئامادە دەبن بۆ وانەی کرداری قوتابیان بە سوودوەرگرتن لە داتاشۆ یان لە ڕێگەی مۆبایلەوە ڕاهێنان لە سەر ئاژەڵەکە لە گۆشە نیگای جۆربەجۆرەوە دەکەن ، یان کاری خەیالی ئەوەش تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەو شێوە ئیش دەکەن بۆ ئەوەی دەستیان بەهێز بکەن و منیش تا کۆتایی وانەکە بە سەریانەوەم و تێبینی و ڕێنوێنیان ئەدەمێ ؛ ئەگەر پرسیار یان گرفتێکیان هەبێت هەوڵ ئەدەم تا ئەو جێ مەجال هەبێت بۆیان جێبە جێ کەم و نمرەی کاری نێو پۆلیان بۆ دادەنێم، نێو کاتژمێری کۆتایی کلاس، بەرنامەی هەفتەی داهاتوویان بۆ شی دەکەمەوە. لیستی ئامادە بووان جارێکیتر دەخوێنمەوە و ئەوەی نەمابێت ئەوە ناوی دەنووسم و کۆتایش ماڵئاوا.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

هەڵبەتە سوود لەو تێکنۆلۆجیانە وەردەگرین بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی فێرخوازانمان و جگە لەوەی ڕۆژانە سەیری وانەکەیان بە پاور پۆینت دەکەن ڕۆژگەلی تایبەتیشمان هەیە بۆ تەماشا کردن و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەرمەندانی جیهانی، بەڵام پتر لە نێو ژووری وێنەکێشان خەریکی ئەنجامی کارین .

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

ئەم قۆناغە بۆ فێرخواز زۆر هەستیارە، پۆلی دوون وپێویستە ئەرکەکان بە جوانی ئەنجام بدەن و ڕاهێنان بکەن تێبینی لە مامۆستاکانیان وەرگرن بۆ ئەوەی بناغەی کارکردنیان بەهێز بێت؛ قوتابیەکان ئاستی جیاوازیان هەیە لە بەر ئەوەی هێندێکیان لە دوا ناوەندیەوە هاتوون و بەشێکیشیان لە پەیمانگاوە ، هێندێک پێشتر کاریان کردووە و توانستێکی باشتریان هەیە و برێکیان شارەزاییان زۆر کەمە . لە چاو ئەوانیتر . بێگومان جیاوازی نمرەکان زۆر دەبێت ئەوەش هێندێک کێشە دروست دەکات و مامۆستا دەبێ بە وشیاریەوە مامەڵە بکات بۆ ئەوەی ئەوانەی ئاستیان هێندێک لە خوارترە بتوانن بە نەشاتەوە خۆیان پێش خەن.لە بەر ئەوە زۆر هەستیارە لە سەرنمرەکانی و جاری وایە دەگەڵ هاوپۆلەکانی دەکەوێتە نێو موونافسەیەکی چڕ و پڕەوە ، لە بەر ئەوەی وانەکەم کرداریە شێوازی دانانی نمرەکەم لە سەر ٥٠ ٪ ، ٥٠٪ -یە.فێرخواز پاشی ئەوەی لە نێو پۆلدا کاری کرد نمرەی نێو پۆل کە لە سەر ١٠٪وەردەگرێت ، لە ماڵەوەش هەمیسان ڕاهێنان لە سەر ئەو وانەیە دەکاتەوە دەیهێنێتەوە بۆ کۆلێژ و من تێبینی و ڕێنوێنی پێویستی ئەدەمێ و لە سەر ١٠٪ نمرەی بۆ دادەنێم، کۆی ئەو دوو نمرەیە لە کۆتایی وەرزەکاندا وەک چالاکی

هەژمار دەکرێت لە نمرەی کۆششەکەی کە لە سەر ٤٠٪ ـە .ئەوەش کاریگەری دەبێت لە بەرز و نزمی نمرەی گشتی فێرخوازەکە. ئەگەر نمرەی کۆشش ڕەچاو کەین کە لەوە ٤٠٪ بۆ مامۆستای وانەکە بێت( ١٠٪ بۆ چالاکی و ١٥٪ بۆ تیۆری و ١٥٪ ـش بۆ پراکتیک هەژمار دەکرێت) بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ٣٠٪ بۆ تیۆری و ٣٠٪ ـیش بۆ پراکتیک هەژمار دەکرێت نمرەکە لە لایەن لێژنەی ٣ کەسی مامۆستایانی پسپۆری مادەکە، کۆ دەکرێتەوە دەبێتە نمرەی کۆتایی وەرز.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

١- پێناسەی ئەو ئاژەڵانەی وەک ئەسپ و سەگ و پەلەوەر کە دەگەڵ مرۆڤ بە درێژایی مێژوو ژیاون.
٢- پێناسەی گەشەی ئەو ئاژەڵانەو جۆراوجۆریەکانیان.
٣- گرینگیدان بە فیزیکی جەستەیان وەک توێکاری .
٤- گرینگیدان بە ئێسک بەندیان و پێکهاتەی جەستەو جومگەکانیان .
٥- گرینگیدان بە ماسوولکەو و جۆری جوڵەیان .
٦- لە بەشی کرداریدا تەکنیکەکانی هێڵکاریان هەر وەک لە بەرنامەی هەفتانەیاندا هاتووە فێر دەکرێن .
٧-ئەم وانەیە، وانەیەکی گشتییە و بۆ ژانرەکانیتریش وەک پەیکەرتاشی ، وێنەکێشان و سێرامیک و تەنانەت دیزاینیش بە سوودە.

- لە راستیدا ئامانجی ئێمە ئەوەیە دوو تیپ پەروەردە بکەین : ١- هونەرمەندی پرفێشنالی باش و داهێنەرکە خۆی پاشی دەرچوون و تەخەروج بێئەوەی لە شوێنێک دامەزرێت لە سەر پێی خۆی راوەستێت و بەرهەمهێنی کاریش بێت، بە یارمەتی دەوڵەت و سوود وەرگرتن لە سولفە، بۆ خۆی گالەری و کارگەی هونەری دامەزرێنێت و بەرهەمەکانی پێشکەش بکات. دەکرێ وەک ستافی لێژنەی رازاندنەوە و جوانکاری شار و شارەگوندەکان ، نێو کتێبخانە و قوتانخانە و فێرگەکان ، شوێنە گشتیەکان سوودی لێ وەربگیررێت تا کاریگەری هەبێت لە سەر بەرز بوونەوەی ئاستی زانستی و هونەری جەماوەر ، دەکرێ هاوکاری بەردەوام یان کاتی بێت دەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری بۆ بەرێوەبردنی چالاکیە هونەرییەکان – بۆنەکان – یانیش وەک ئەندامی لێژنە سوودیان لێوەربگیرێت بۆ هەڵسەنگاندن ە هەڵبژاردنی یەکەمەکانی ساڵانەی بەینالی هونەری و، هەروەها کار ئاسانیان بۆ بکرێت بۆ بەشداریکردن لە فستیڤاڵ و پیشانگا جیهانییەکان لە بەر ئەوەی هونەرمەندی نوخبە، سەرمایەی وڵاتە و لە ناساندنی ئێمە بۆ دەرەوە دەوری هەیە، هەر وەک گەلان و وڵاتانی تر دەیکەن.

٢- مامۆستایەکی باش کە خەبیر و لێهاتویە بەڵام خۆی داهێنەر نییە، شارەزایی لە تەواو تێکنیکە هونەریەکانا هەیە و دەکرێت لە شوێنە پەروەردەییە فەرمی و نافەرمییەکاندا سوودی لێ وەربگیرێت. ئەو جۆرە مامۆستایانە دەتوانن دەگەڵ چەند مامۆستایەکی پسپۆریتر شێوە رێکخراوێکی فێرگەیی هونەری دامەزرێنن و تێیدا فێرخواز پەروەردە و ئامادە کەن بۆ کۆلێژ یان پەیمانگاکان . دەکرێ پاڵپشتی بکرێن بۆ دانانی کارگەی هونەری بۆ بەرهەمهێنانی هونەری، یانیش دەکرێ لە نێو کۆلێژ و پەیمانگا وەک کارمەندی باش سوودمەند بن و هەر لەوێش درێژە بە خوێندنیان بدەن و پلەیان بەرز کەنەوە تا ئاستی مامۆستای لێهاتوو. بە هەرحاڵ دامەزراندنی کەسێک کە لە نێو کۆلێژی هونەر خوێندوویەتی و شارەزایی تەواوی هەیە دەگەڵ کەسێکی نامۆ بە ئەرک و ئێشی هونەر تەوفیری زۆرە .

**16. لیستی سەرچاوە**

- بەداخەوە سەرچاوە بە زمانی کوردی کەمە و لە لایەن خودی زانکۆشەوە بۆ ئەم کارە ، کارئاسانی ناکرێت، تا کتێب و گوتار وەربگێردرێت. زۆربەی زانیاریەکان لە سۆشیال مێدیا وەرگیراوە و هەر خۆشم هەوڵی وەرگێرانم داوە.
- طراحی حیوانات – دفترپژوهشهای انتشارات مارلیک -تهران
- طراحی حیوانات -(J.C.Amberlyn)
- The Artist’s Guide to Drawing Animals
طراحی اسکلت حیوانات pdf – کتابخانه هنر
- گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت):
- www. Art net.com
- www.Art Eduction

| | |
|---|---|
| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
| وانەکە ٦ کات ژمێرە – ٢ کاتژمێر تیۆریە و ٤ کاتژمێر پراتیک ، وانەی تیۆروپراتیک تەواوکەری یەکن ،باس دەکەین و ئەنجامی ئەدەین :<br>پرۆگرامی هەفتانە:<br>١- لە ٢ کاتژمێری تیۆریدا بە سوود وەرگرتن لە داتاشۆ پێناسەی ئەسپیان بۆ دەکەم ، چۆن چۆنی گەشەی کردووە، ( ڕاهێنان لە سەر فۆرمی ئەسپ دەکەن، هەروەها دەمهەوێت ئاستی قوتابیەکان بێتە دەستم ).<br><br>٢- داتاشۆ ( بەشی کەڕاکەی سەری ئەسپ + پێناسەی ئەسپ)-- کار بە پێنووسی B2, B4 لە سەر فۆرمی گشتی ئەسپ .<br><br>٣- تێبینی لە سەر کاری ماڵەوە + بە داتاشۆ ( ئێسک بەندی سەر و مل )--- ڕاهێنان لە سەر کەلە سەری ئەسپ لە پێشەوە و تەنیشت بە پێنووسی B2, B4 , B5 , B6<br><br>٤- تێبینی لە سەر کاری ماڵەوەیان + بە داتاشۆ ( بربڕەی پشت و پەراسووەکان + پێناسەی ئەسپ) + ڕاهێنان لە سەر بەشی پێشەوەی ئەسپ + یاڵ بە پێنووسی B2, B4 , B6 , B8<br><br>٥- تێبینی لە سەر کاری ماڵەوەیان + بە داتاشۆ ( ئێسک بەندی پاشوو + پێناسەی ئەسپ) + ڕاهێنان لە سەر پاشووەکان + زاویەی پشتەوە ، هەر بەهامان پێنووسەکان .<br><br>٦- لە سەر کارەکانیان قسە دەکەم + بە داتاشۆ ( سەیری ئێسک بەند لە ڕێگای پرۆگرامی تری دایمینشن یان تری دیماکس + پێناسەی ئەسپ) + ڕاهێنان لە سەر پەل و پۆکان بە هامان پێنووسەکان + قەڵەم ساو.<br><br>٧- تێبینی لە سەر کارەکانیان + بە داتاشۆ ( ماسوولکەکانی سەر و مل + پێناسەی ئەسپ) + ڕاهێنان لە سەر پۆز و حاڵەتی ئەسپ بە تێکنیکی پێنووسی کۆنتە (ڕەژوو)<br><br>٨- ( سەفەری زانستی ئ چوون بۆ مانژی ئەسپ سواری) + هێڵکاری ڕاستەوخۆ لە ئەسپ.<br><br>٩- تێبینی لە سەر کارەکانیان و دانانی نمرە + بە داتاشۆ ( ماسوولکەکانی بەشی پێشەوە وەک سینگ و دەستەکان + پێناسەی ئەسپ)+ ڕاهێنان لە سەر قەڵەم ساو و ڕەژوو ، هێڵکاری ئازاد.<br><br>١٠- تێبینی + بە داتاشۆ ( بەشی ناوقەد و سەر سمت + پێناسەی ئەسپ) + ئاو مرەکەب لە سەر کاغەزی کانسۆن .<br><br>١١- تێبینی + بە داتاشۆ ( ماسوولکەکانی بەشی سمت و پاشوو + پێناسەی ئەسپ) + ڕاهێنان لە سەر ئەو بەشانە.<br><br>١٢- تێبینی لە سەر کاری ماڵەوە + بە داتاشۆ ( ئاناتۆمی سەگ – ئێسک بەند ) + هێڵکاری لە سەگ و پشیلە – هێڵکاری خێرا بە پێنووسی B2, B4 , B6 , B8 .<br><br>١٣- تێبینی + بە داتاشۆ ( ئاناتۆمی سەگ – ماسوولکەکان) + ڕاهێنان لە سەر کوڵک و تیسکی سەگ بە ڕەژوو و پاکەر. | محمد سالح رۆستەم زادە (نامۆ)<br>وەک: |

| | |
|---|---|
| | ١٤- تێبینی + به داتاشۆ ( ئاناتۆمی پەلەوەر – ئێسکبەند) + ڕاهێنان لە سەر جۆرەکانی باڵندە لانیکەم ٣ جۆر .<br><br>١٥- تێبینی + به داتاشۆ ( ماسوولکەکانی پەلەوەر + جۆرەکانی پەر و باڵ و ڕەنگەکانیان ) هەڵسەنگاندنی کۆتایی. |
| | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)<br>هەرئەو پرۆگرامەی وا بۆ تیۆری دامناوە یەک شتن |
| ناوی مامۆستا: محەمەد ڕۆستەم زادە<br>وەک: | لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**3. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**20. تێبینی تر**

وانەکەم کرداریە و ئەو پرسیارانەی سەرەوە هەڵناگرێت. پێویستە دڵنیایی جۆری فۆرمی تایبەت بۆ ئەو کۆلێژانەی هەبێت کە زۆربەی چالاکیەکانیان بە چەشنی کرداریە و خاڵی تایبەتیشی بۆ دیاری بکرێت.

## 21. پێداچوونەوەی هاوەڵ

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبێت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.